**وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**ژمارە ( ( ٣٨٥٨ ) لە ٢٠١٨/٣/٧**

**ڕێنمایی ژمارە( ٣ )ی ساڵی ( ٢٠١٨ )**

**ڕێنمایی هەمواری دووەمی ڕێنمایی ژمارە( ٤ )ی ساڵی( ٢٠١٦ )ی ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان بۆ ساڵی ( ٢٠١٦-٢٠١٧ )**

**ڕێنمایی هەمواری سێیەمی ڕێنمایی ژمارە( ٥ )ی ساڵی( ٢٠١٦ )ی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان بۆ ساڵی ( ٢٠١٦-٢٠١٧ )**

بەرچاوکردنی بارودۆخی دارایی هەرێمی کوردستان و بەئامانجی ڕەخساندنی هەلی زیاتر بۆ کاندیدانی خوێندنی ماستەر ودکتۆرا لەزانکۆکانی هەرێمی کوردستان ، بڕیاردرا بەهەموارکردنەوەی (تەوەری یەکەم/بڕگەی٢.مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی/خاڵی ج) لە ڕێنمایی ژمارە(٤)ی ساڵی (٢٠١٦)ی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی(٢٠١٦-٢٠١٧)کە بە نووسراوی وەزارەت ژمارە(٨١١٠/٢) لە (٢٠١٦/٥/٢٥) دەرچووە و هەروەها هەموارکردنەوەی (تەوەری یەکەم/بڕگەی٣.مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی/خاڵی ج) لە ڕێنمایی ژمارە(٥)ی ساڵی(٢٠١٦)ی خوێندنی دکتۆرا لەو زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧) کە بە نووسراوی وەزارەت ژمارە(٨١٠٩/٢)لە(٢٠١٦/٥/٢٥) دەرچووە و هەموارکردنەوەی هەردوو ڕێنمایی ئاماژەپێکراوی سەرەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت :

١-درێژکردنەوەی ماوەی(٦) شەش مانگی دیکە وەك دواین دەرفەت بۆ بەدەستهێنانی مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی بەپێی ناوەڕۆکی ڕێنمایی ژمارە(٤)ی ساڵی(٢٠١٦)ی خوێندنی ماستەر و بەپێی ناوەرۆکی ڕێنمایی ژمارە(٥)ی ساڵی (٢٠١٦)ی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ هەردوو(سیمستەری زستانە و هاوینە)ی ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧) ئەم ماوە درێژکردنەوەیە لە ڕێکەوتی تێپەربوونی ساڵێك و سێ مانگ بەسەر ڕێکەوتی دەرچوونی فەرمانی زانکۆیی کاندیدان دەست پێدەکات .

٢-درێژکردنەوەی ئەم ماوەیە تەنها ئەو کاندیدانە دەگرێتەوە کە بە بەڵگە و دۆکۆمێنت دەیسەلمێنن لە ماوەی ڕابردوو بەشداری خولی پەرپێدانی توانای زمانی ئینگلیزیان کردوە یاخود یەکێك لە تاقیکردنەوەکانی(IELTS,TOEFL-ibt,TOEFL,pearson-PTE)ی ئەنجامداوە بەڵام نمرەی پێویستیان بەدەستنەهێناوە,بەپێچەوانەوە ئەو ماوەیەی خاڵی(١)ی سەرەوەیان بۆ درێژناکرێتەوە.

٣-هەڵوەشاندنەوەی خاڵی(٣)لە ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی(٢٠١٨) کە تیایدا ئاماژە بەوە کراوە کەوا هەر کاندیدێکی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا بە شێوەی پاراڵێل ڕێژەی(١٠%)ی کرێی خوێندنی ساڵی یەکەم بدات و ئەم بڕە پارەیەش ناگەڕێتەوە بۆ کاندید لە حاڵەتی بەدەستنەهێنانی مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی .

**د.یـوسـف گــۆران**

**وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**